# چۆن گوناە هاتە ناو جیهانەوە

پەیدابوون ٣

لە دوو وانەی ڕابردوودا، زانیمان خودا چۆن یەکەمین دوو مرۆڤی درووست کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا، لەسەر وێنەی خودا بەدیی هێنا، بە نێر و مێ بەدی هێنان. (پەیدابوون ١: ٢٧) لەناو گیانی ئادەم و حەوا، خودا بیرێکی چەسپاند کە توانای ناسینی خودای هەبێ، هەروەها دڵێك کە توانای خۆشەویستی خودای هەبێ. هەروەها خودا کردیانی بە خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی بۆ خۆیان هەڵبژێرن ئایا بە گوێ خودا بکەن یان نا. هەروەها زانیمان کە خودا لە باخچەکانی بەهەشت ئەوانی دانا، کە باخچەیێکی دڵگیر بوو خودا ئامادەی کردبوو لەسەر زەوی لە جێگاییێك کە پێی دەوترێ عەدەن. خودا هەموو شتێکی دابوو بە ئادەم و حەوا بۆ ئەوەی لە ئاشتی و خۆشییێکی ڕاستەقینە بژین. خودا ویستی خەڵك بیناسن و خۆشیان بوێ و بەگوێ بکەن تاهەتا.

بەم شێوەیە، دەبینین کە خودا بەگوێرەی پلانە تەواوەکەی خۆی، تاقیکردنەوەیەکی ئاسانی لە ئەو مرۆڤە دانابوو کە بەدی هێنابوو. لە ناوەندی باخچەکە، داری زانینی چاکە و خراپەی چاندبوو، ئادەمی ڕاسپارد و فەرمووی، (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧)

بۆچی خودا ئادەمی بەم شێوەیە تاقیکردەوە؟ خودا ویستی باری دڵی ئادەم نیشان بدات. خودا نەیویست وا لە ئادەم بکات تووشی گوناە بێت بەڵکو بە هێز و بە بەرەکەتی بکات. ئەو مرۆڤەی خودا دروستی کردبوو بێ هەڵەبوو، و گوناەکاریش نەبوو بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە خاوەن خۆشەویستییێکی تەواو یان خەسلەتێکی کارامە بێت. خودا ئادەمی تاقیکردەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی تاقی بکاتەوە. ئەگەر ئادەم لە تاقیکردنەوەکە دەرچووبایە و بەگوێی خودای بکردایە، ئەوا دەیسەلماند کەلە ناخی دڵیەوە خودای خۆش دەویست. هەروەها، ئەگەر ئادەم لە تاقیکردنەوەکە دەرچووبایە و گوناهی نەکردبوایە، ئەوا تاقیکردنەوەکە بە هێزی دەکرد، لەبەر ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە: دانبەخۆداگرتنیش ئەزموون، ئەزموونیش هیوا. (ڕۆما ٥: ٤)

گەیشتینە بەشی سێیەمی پەرتوکی پەیدابوون. ئەمەش ئەو بەشەیە کە پێمان دەڵێت چۆن گوناە هاتە ناو دونیاوە. ئەگەر ئاشنای ئەم بەشە بین، ئەوا دەزانین بۆ چی دڵی مرۆڤ ئاوا بەد و خراپە، و بۆچی جیهان پڕە لە چەڵەمە و ئازار.

تا ئێستا دەزانین کە لە سەرەتادا ئادەم و حەوا لە باخچەی عەدەن بوون، کە بەتەواوی قایل بوون و هەموو شتێکیان هەبوو. باشترین شتیش لەوەدا ئەوە بوو کە پەروەردگار خودا هەموو ڕۆژ سەردانی دەکرد لە باخچەکەدا، لە فێنکی ئێوارەدا، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئادەم و حەوا بکات. خودا سەردانی دەکردن بۆ ئەوەی پەیوەندییێکی بە مانا و سەرسوڕهێنەریان لەگەڵ ببەستێ.

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە کەسێکی تریش لەو باخچەیەدا بوو. دەزانی کێ بوو؟ شەیتان بوو، دوژمنی خودا، شەیتانی خراپەکار. کاتێ خودا جیهان و هەموو ئەو شتانەی ناوی درووست کرد، شەیتان تەماشای دەکرد. کاتێ خودا ئادەمی ڕاسپارد کە لە داری زانینی چاکە و خراپە نەخوات، شەیتان گوێی ڕاگرتبوو. بەوش بە ئاسانی ڕانەوەستا، بەڵکو پلانی دادەنا بۆ ئەوەی ئیشە جوانەکەی خودا تێك بدات. شەیتان پلانی دانا کە ئەو مرۆڤەی خودا بەدی هێنابوو فریو بدات بۆ ئەوەی بە گوێی خودا نەکات و تووشی گوناە بێت ولە خودا جیابێتەوە و بفەوتێ! سەبارەت بە خوداش، ئەو بە هەموو پلانەکانی شەیتانی دەزانی بەڵام ئادەم و حەوا هیچیان نەدەزانی.

ڕۆژێك لە ڕۆژان، کاتێ ئادەم و حەوا لە نزیك دارە قەدەغەکراوەکە ڕاوەستابوون، شەیتان خۆی وەك مار نیشان دا و لێیان نزیك بووەوە و دەستی بەقسەکردن کرد لەگەڵیان. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی خوداوەند خودا دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی وت: (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی

باخچەکە بخۆن؟) (پەیدابوون ٣: ١)

با لێرە بۆ ساتێك بوەستین. بۆچی شەیتان وەك مار خۆی نیشان دا؟ شەیتان فریودەرە، بۆیە خۆی بە یەکێکی دانا پشان دا. شەیتان نەهاتە لای ئادەم و حەوا بەشێوەی ئەژدیهایەکی سووری گەورە و بڵێ، (سڵاوتان لێ بێت ئادەم و حەوا. منم شەیتان، دوژمنی خودا! ئەمڕۆ هاتوومە بۆ ئەوەی فریوتان بدەم و واتان لێ بکەم پشت لە خودا بکەن، پەروەردگاری ژیان، بۆ ئەوەی تاهەتا لەناو بچن!) شەیتان ئاوای نەکرد! باشە ئەی چۆن بۆیان بەدەرکەوت؟ وەك بوونەوەرێکی دانا و قەشەنگ بۆیان بەدەرکەوت. شەیتان وەکو مارێك قسەی لەگەڵیان کرد لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا، پێش ئەوەی گوناه بچێتە ناو جیهانەوە، مار زۆرزانترین بوو لەناو ئاژەڵەکاندا.

شەیتان ئێستاش هەر ئاوایە. زۆرزانە. هەموو کاتێ زۆر بەئاسایی هەر چی هەبێ بەباش پشانی دەدات. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: شەیتان خۆی بۆ شێوەی فریشتەی ڕووناکی دەگۆڕێت. (٢ کۆرنسۆس ١١: ١٤) وله دەرئەنجامدا، خودا لە ووشەکانیدا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێ: ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناووەوە گورگی دڕندەن. (مەتا ٧: ١٥) شەیتان فریودەرە، بۆیە خۆی وەك مارێکی دانا بە ئادەم و حەوا نیشان دا. هەروەها لەبەر ئەوەش پێی باشتر بوو لەگەڵ حەوا قسە بکات لەباتی ئادەم، چونکە بە ئومید بوو کە فریودانی حەوا ئاسانتر بێت لە فریودانی ئادەم. شەیتان دەیزانی کە خودا ئادەمی ڕاسپاردبوو دەربارەی دارەکە، پێش ئەوەی حەوا درووست بکات. بەڵام حەواش دەربارەی ڕاسپاردەکەی خودای دەزانی. شەیتان زۆر زیرەکە و دەیزانی چی دەوویست بەدەستی بێنێ. بیری کردەوە ئەگەر وا لە ژنەکە بکات لە داری زانینی چاکە و خراپە بخوات، ڕەنگە ئادەمیش وەك ئەو بکات و قسەی خودا بشکێنێ.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: مار بە ئافرەتەکەی وت: (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟) (پەیدابوون ٣: ١) دەزانی شەیتان چی بە حەوا ووت؟ ووتی، ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟) دەبینی شەیتان هەوڵی چی دەدا؟ هەوڵی دەدا گوومان بخاتە ناو دڵی حەواوە دەربارەی ووشەی بێ گوومانی خودا. بۆیە ووتی، ئایا خودا فەرموویەتی؟.... ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی؟ شەیتان هێشتا ئەم شێوازە بەکار دێنێت. دژ بە ووشەی ڕاستی ڕادەوەستێ، لەبەر ئەوەی دەزانێ ووشەی خودا هێزی ئەوەی هەیە درۆکانی ئەو پووچەڵ و بێ دەسەڵات بکات. دەزانێ ڕاستی درۆ دەردەکات هەر وەك ڕووناکی تاریکی دەردەکات.

ئێستاش با بەردەوام بین لە گفتوگۆی بەینی شەیتان و حەوا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئافرەتەکەش بە مارەکەی وت: (بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی، (پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.)) مارەکە بە ئافرەتەکەی وت: (نا بە ڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن.) (پەیدابوون ٣: ٢-٥)

سەرسوڕهێنەرە! خودا چی بەئادەم و حەوا وتبوو ڕوودەدات ئەگەر لە دارە قەدەغەکراوە بخۆن؟ فەرمووی، (دەمرن). ئەی شەیتان چی ووت؟ ووتی، (نا بە ڕاستی نامرن). بۆیە، شەیتان هەر بەوەندە ڕانەوستا گوومان بخاتە ناو ووشەی خودا، بەڵکو هاتە پێش و نکوڵی لێ کرد! تۆ چی دەڵێی بیسەری ئازیز؟ کێ قسەی ڕاستی دەکرد، خودا یان شەیتان؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ خودا خودای ڕاستەقینەیە و ناتوانێ درۆ بکات. بەڵام شەیتان ووشەی ڕاستی لەخۆ ناگرێ، چونکە ڕاستی لەودا نییە. کاتێکیش درۆ دەکات، باسی شتی خۆی دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە! (یۆحەنا ٨: ٤٤)

هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە شەیتان نەك تەنها درۆزنە، بەڵکو فریودەریشە. زۆرزانە، شتی درۆ تێکەڵی شتی ڕاست دەکات. دەتوانین ئەوە ببینین لەوەی شەیتان بە ئادەم و حەوای ووت، (ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن). کاتێ شەیتان ووتی، (وەک خوداتان لێ دێت)، ئەوە درۆ بوو، چونکە ئەوەی

گوناه بکات وەك خودا نییە، بەڵكو وەك شەیتانە. بەڵام کاتێ شەیتان ووتی، (ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن)، قسەی ڕاستی دەکرد، چونکە پاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد مانای خراپەیان زانی. بەڵام شەیتان بە ئادەم و حەوای نەوت کە زانینی وا تاڵی دێنێتە ناو ژیانیانەوە. خودا فەرمووی، (ئەگەر لە مێوەی دارەکە بخۆن.... ئەگینا دەمرن.) بەڵام شەیتان ووتی (ئەگەر لە مێوەی دارەکە بخۆن (نا بە ڕاستی نامرن). شەیتان درۆزنە. بۆیە کاتێ خودا فەرمووی، (دەمرن)، شەیتان نکۆڵی لێ کرد، ووتی، (نامرن).

ئێستا کاتی ئەویە کە ئادەم و حەوا هەڵبژێرن لەنێوان ووشەی خودا ووشەی شەیتان. هەڵبژاردنەکە لە پێشیان بەم شێوەیە بوو: ئایا باوەڕ بە ووشەکانی خودا بێنن یان ووشەکانی شەیتان؟ ئایا ڕاستی یان درۆ لەخۆ بگرن؟ بەدوای پەروەردگاری ڕووناکی بکەون یان پەروەردگاری تاریکی؟

با بەردەوام بین لە خوێندنەوە بۆ ئەوەی بزانین چ بڕیارێکیان دا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو و چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا ببیت، جا لە بەرەکەی کردەوە و خواردی و بە مێردەکەشی دا کە لەگەڵیدا بوو، ئەویش خواردی. (پەیدابوون ٣: ٦)

سەرسوڕهێنەرە! خودا مرۆڤی لە وێنەی خۆی درووست کرد بۆ ئەوەی خودا بناسێ و خۆشی بوێ و بەگوێی بکات تاهەتا. بەڵام مرۆڤـ چی کرد؟ ئایا بای ئەوەندە خودای خۆش دەویست کە بەگوێی ڕاسپاردەکەی بکات؟ نەخێر! بەگوێ نەکردنی خودای خۆشەویستی هەڵبژارد، و بەدوای شەیتان کەوت کە دوژمنی خودا و مرۆڤە!


چ ڕۆژێکی خەمناك بوو! گەورە باپیرانمان ئادەم و حەوا، پشتیان لە پەروەردگار خودا کرد بە خواردنی مێوەی ئەو دارەی کە خودا قەدەغەی کردبوو. هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێ، (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە.) بە هەمان شێوە، ووشەی خودا دەفەرموێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢) ئەگەر بە دڵمان بێت یان نا، ئەوا بەو شێوەیە یە!

هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێ (کوڕی باوکی خۆیەتی) من و تۆش، و هەموو خەڵك نەوەی ئادەمین. بە گوناهباری لەدایك بووین و دەبێت بمرین، چونکە لە ئادەمەوە هاتووین. یەکەم مرۆڤـ کە ڕاسپاردەی خودای بەجێ نەگەیاند باپیرمانە و ئێمەش هەر وەك ئەوین. کێ لەناو ئێمە هەیە کە بڵێت هەرگیز ڕاسپاردەی خودام نەشکاندووە؟ تەنانەت یەك کەس لە ئێمە نییە! باشە ئەی ئەم خەسڵەتەی بەگوێ نەکردنی ڕاسپاردەکانی خودا لە کوێوە بۆمان ماوەتەوە؟ لە ئادەمەوە. وەك نەخۆشییێکی درمی سامناك، ئەو گوناهەی لە ئادەمدا هەبوو بۆ ئێمەش بڵاو بووەوە. بەڕاستی (دەرد و بەڵا بۆ هەموو کەس دەگرێتەوە.)

بەڵام، هەموو هیوایێکمان لەدەس نەداوە، چونکە ووشەی خودا هەروەها ڕایدەگەیێنێ: کەواتە وەک چۆن بە یەک گوناه تاوانبارکردن بۆ هەموو مرۆڤ هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە کارێکی ڕاستودروست بێتاوانکردن هاتە کایەوە کە ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت. (ڕۆما ٥: ١٨) ئەمڕۆ کاتمان نەماوە چاو بەوەدا بخشێنین، بەڵام لە وانەکانی داهاتوودا دیراسەتی ***ڕێگای ڕاست و دروستی*** بۆ ڕزگاربوون دەکەین کە خودا دایمەزراندووە لەپێناو ئەوەی گوناهباران بگەڕێنەوە لای خودا.

بۆ وانەی داهاتووش پلانمان وایە بەردەوام بین لەم بەشە گرنگە بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوویدا لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا ڕێگای ڕاستودرووستیان بەجێ هێشت، وا بەدوای ڕێگای ناڕاستودروستی کەوتن.

خودا بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنی کاتێ بیر لەم ڕاستییە بنچینەییەی ئایەتەکەی دەکەنەوە: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

(تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧)

١. بۆچی خودا ئادەمی بەم شێوەیە تاقیکردەوە؟

٢. بۆچی شەیتان وەك مار خۆی نیشان دا؟

٣. شەیتان چی بە حەوا ووت؟ دەبینی شەیتان هەوڵی چی دەدا؟

٤. خودا چی بەئادەم و حەوا وتبوو ڕوودەدات ئەگەر لەدارە قەدەغەکراوە بخۆن؟ ئەی شەیتان چی ووت؟

٥. کێ قسەی ڕاستی دەکرد، خودا یان شەیتان؟

٦. ئایا باوەڕ بە ووشەکانی خودا بێنن یان ووشەکانی شەیتان؟ ئایا ڕاستی یان درۆ لەخۆ بگرن؟ بەدوای پەروەردگاری ڕووناکی بکەون یان پەروەردگاری تاریکی؟

٧. بەڵام مرۆڤ چی کرد؟ ئایا بای ئەوەندە خودای خۆش دەویست کە بەگوێی ڕاسپاردەکەی بکات؟

٨. کێ لەناو ئێمە هەیە کە بڵێت هەرگیز ڕاسپاردەی خودام نەشکاندووە؟

٩. ئەی ئەم خەسلەتەی بەگوێ نەکردنی ڕاسپاردەکانی خودا لە کوێوە بۆمان ماوەتەوە؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org